شیعر



جەلال بەرزنجی

# هەتاوێکی پڕ لە روح

لە رۆخ مانەوە
رووباری ناوەوەت دەڕژێتە ناو ژیانێکی تر
زۆرت لێ نزیکە،
بەڵام هێشتا نەچوویتە ماوی



**هێزی وشە**
لە منداڵییەوە،
داڵغەم بۆ باکووری دەبردم،
هەتا نەیبردمە ناو دڵی زستان.
رانەوەستا.

**ئارەزوویەکی کۆن**
لە گۆڕەپانی بەیانییەکی لەبیرکراو،
لیکی سێو،
رژایە سەر وشەکانم،
دیمەنێکی خەمباری لە زەمینمدا بەجێ هێشت.

**بای خەیاڵ**

لەوەتەی بای خەیاڵم لە دڵمەوە هەڵی کردووە
لە هەوڵداندایە شەرمی چیا بشکێنێت،
تا وەکو خۆی بە رووتی،
بە دنیایدا بگێڕێت.

**گەورەترین ترس**

ترسی لێت دابڕانم،
بۆ چاوترووکانێک جێم ناهێڵێ.



**سێ خۆشی**

یەکەمین "ئاو رژاندن" .
دووەم "پەرتکردنی ماندووبوون"
سێیەمین "رۆیشتن".

**هەتاو**

بەرد مەهاوێ،
پڕی دەورت هەتاوە،
بە روحی دەکەوێت.

**خەونی ماکۆک**

ماکۆک،
لەسەر گۆڕی قاچەکانی،
بە خوای دەگوت:
"خوایە،
بێ قاچ،
بەو عارەبانە،
چۆن بچمە ژیان

خوای من،
خۆ دەتوانی،
قاچیشت وەکو گیا بڕوانبایەوە
نازانم بۆ نەتکرد؟"

**هونەرمەندی هەوران**

له ئێوارەی هەمیشەیی تاراوگەم،
هەرچەند دەکەم خێراییی فلچەکەم خەیاڵم،
ناگاتە جووڵەی خێرای دیمەنی هەورەکان!
تا ببمە هونەرمەندیان.

**دوا دیاری**

له یادی ساڵڕۆژی پەنجا و پێنجەمینی لەدایکبوونم،
ژنەکەم گۆچانێکی دار کنێری بە دیاری بۆ کڕیم.

**کلایەت کێنگ**

دوای ئەوەی کەسی تر تاقەتی نەما
له نزیک ئەدرێسی ئیمێلەکەی
نامەیەک بۆ کەسێک بنووسێ
دوای ئەوەی کەس نەهات
سەیری نەزری من کات،
بۆ بەردەوام بۆنی جوانی
ئاوڕم دایەوە
هەموویان پێکەوە
پەرێمزی گەرمترکردنی بن زەوییان پەمپ دەدا .

٢٠٠٩/ کەنەدا